السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر جار لە کاتی ڕکوع وسوجدە بردنیدا دەیفەرموو: ( سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ ربنا وبحمدك، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لي )

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاش ئەوەی ئەم ئایەتەی بۆ دابەزی: {إذا جاء نصرُ الله والفتح ...}، هەرکاتێک نوێژی بکردایە؛ ئەوا دەیفەرموو: «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ ربنا وبحمدك، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لي»، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر جار لەکاتی ڕکوع وسوجدە بردنیدا دەیفەرموو: «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ ربنا وبحمدك، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لي»، واتە: «پاک وبێگەردی وحەمد وسوپاس بۆ تۆ ئەی پەروەردگارمان، خودایە لێم خۆش ببە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کاتێک خوای گەورە (سورەتی النصر)ی دابەزاند بۆ سەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وئاماژەی سەرکەوتنی زانی لەم سورەتەوە، کە ئەویش فەتحی مەککەیە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستبەجێ گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە بوو کە دەفەرموێت لە (سورەتی النصر)دا: {فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ}[النصر: 3]،واتە:{تۆ حەمدو ستایشی پەروەردگارت بکە وخوای گەورە بە پاك وبەرز ڕابگرە لە هەموو کەموکورتیەک، وداوای لێخۆشبوون لە خودا بکە}، بۆیە زۆر جار دەیفەرموو: «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ ربنا وبحمدك، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لي»، واتە: «پاک وبێگەری وحەمد وسوپاس بۆ تۆ ئەی پەروەردگارمان، خودایە لێم خۆش ببە»، وکۆی واتای ئەم وشانە ئەوەیە کە خوای گەورە زۆر بەرز ومەزنترە لە هەموو کەموکورتیەک، لەگەڵ حەمد وسوپاس وستایشکردنی، وکۆتایی هێنراوە بە نزاکە ئەویش بە داواکردنی لێخۆشبوون، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەر نوێژێکی فەرز یان سونەتی بکردایە ئەم نزایەی دەووت لە ڕکوع وسوجدەدا، وئەم سورەتە ئاماژەیەک بوو بۆ نزیکبوونەوەی کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5212